# هەڵسەنگاندنی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە (بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەرەتی) وەک نموونە

[1]مسلم صابر معروف [2]پ.د. شیلان عومەر حسێن

زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی زمانی کوردی
1st Muslim.maruf@univsul.edu.iq
2nd Shilan.hussein@univsul.edu.iq

---

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی"هەڵسەنگاندنی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە(بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەرەتی) وەک نموونە"وەرگیراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنێتی لەگەڵ خستنەڕووی ئەو پێشنیازانەی کە مامۆستایان هەیانە بۆ کتێبەکانی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش میتۆدێکی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایان، لەناوەندی پاریزگای سلێمانیدا، لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ ساڵی خوێندنی(2024-2025) کە پێکهاتوون لە(815) مامۆستا، هەروەها نموونەی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە(307) مامۆستا، لە هەردوو ڕەگەزی(نێر و مێ)، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون. ئامرازی توێژینەوەکە بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی کە لە(66) بڕگە پێکهاتووە، بەسەر(8) تەوەردا دابەشکراون، ئەمەش بە سودوەرگرتن لە سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو بۆ ئامادەکردنی ئەم پێوەرە. لە گرنگترین ئەو ئامڕازە ئامارییانەی کە بەکارهاتوون بریتین لە(تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ یەک نموونە، تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەست، هاوکێشەی ئەنۆڤا، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، ئەلفا-کرۆنباخ) لەکۆتایدا توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە.

1- بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، دەرکەوت کە کتێبەکانی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە لە ئاستێکی نزمدایە.

2- - لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ، کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ) دایە.

3- لە کۆتایدا مامۆستایان کۆمەڵێک پێشنیازیان سەبارەت پێشخستنی کتێبەکانی بازنەی دووهەم خستەڕوو.

**کلیلی وشەکان:** هەڵسەنگاندن، کتێب، ڕێزمان، خوێندنەوە، مامۆستا.

---

## 1. پێشەکی

کتێبی خوێندن ئەو سەرچاوە زانستییانەن، کە بۆ پێگەیاندنی فێرخوازان لە ڕشتە جۆراوجۆرەکاندا ئامادەکراون. بۆ ئەوەی دڵنیاببین کە کتێبەکانی زمانی کوردی لە بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی ئامانجەکانی بەدەستهێناوە، پێویستە لەسەرجەم لایەنەکانەوەبخرێنە ژێر پڕۆسەی هەڵسەنگاندنەوە، پڕۆسەی هەڵسەنگاندن یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەر بەرنامەیەکی خوێندن و ڕەگەزێکی کارایە لە پڕۆسەی فێرکردندا، چونکە خاڵە بەهێزەو لاوازەکان دەستنیشاندەکات، بەم هۆیەوە دەتوانین لایەنە بەهێزەکانی پڕۆگرام بەهێزتربکەین و لایەنە لاوازەکانیشی پەرەپێبدەین و بەهێزیان بکەین. پڕۆسەی هەڵسەنگاندن پێویستە گشتگیر و هەمەلایەنە بێت و سەرجەم ئەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ بەرکەوتەیان لەگەڵ پڕۆگرامدا هەیە بەشداری تێدابکەن، وەک مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و پسپۆڕانی پەروەردەیی تەنانەت فێرخوازانیش، بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی کە پڕۆگرامەکان بە فێرخوازان دەڵێنەوە، ئەمەش هۆکارێکی زۆرباشە بۆ ئەوەی سەرجەم لایەنە نارێک و ناتەواویەکانی پڕۆگرامەکەی بۆ دەربکەوێت. بۆیە پێویستە هانبدرێت و بەشدارییێکی کاراپێبکرێت لە پلاندانان و لە بەرەوپێشبردنی پڕۆگرامەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت، چونکە مامۆستا لە پڕۆسەی هەڵسەنگاندندا، ڕۆڵێکی زیندووی هەیە، لەلایەکەوە بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ فێرخوازدا هەیە و لێیتێدەگات و بە ئاڕاستەی خواست و ویست و پاڵنەرەکانی فێرخواز پڕۆگرام دادەڕێژێت، لەلایەکیتریشەوە بەشداریکردنی لە جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندندا هەلی بۆ دەڕەخسێنێت لە ڕووی پیشەییەوە گەشە بکات، بتوانێت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پرۆگرام دەستنیشانبکات بڕیار لەسەر باشی و خراپی بدات. بڕوانە(محەمەد، 2009، 5)

هاوکات ئەم توێژینەوەیە زۆر بەگرنگییەوە دەڕوانێتە پڕۆسەکەو بەتایبەت بۆ فێرخوازانی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕووی (خوێندنەوە و نووسین، جواننووسین، دروستنووسین ...تاد)، هەروەها مەبەستێتی، ئایا تا چەند لە ناوەڕۆکی پرۆگرامدا بایەخ بەچاندنی بەهاکان دراوە؟ وەک (ڕێزگرتن، پاکوخاوێنی، خۆشەویستی نیشتیمان، پابەندبوون بەکاتەوە ...تاد)، ئایا ئەم کتێبانە بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ گەشەسەندنی ئاوەزدارییی و زمانو لایەنی دەروونی فێرخوازاندا هاوتەریبین؟ ئایا ڕاهێنان و چالاکییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر پشتگیریی لە ئامانجەکانی فێربوونی زمان دەکەن؟

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12309]
- **Submission Date:** [17/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [8/3/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

هەر بۆیە ئەمانەو چەندان پرسیاری هاوشێوەی ئەم پرسیارانە وەک کێشە بوونەتە پاڵنەر، لە هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا . پرۆسەی پەروەردە بە واتای هاوچەرخ، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەهاو ئامانجەکانی پشت بە بارودۆخی کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی دەبەستێت، هەوڵدەدات نەوەیەکی هۆشیار ئامادەبکات، کە بڕوای بە پەیامی نەتەوەکەی و ئامانجەکانی هەبێت هەروەها پێدانی زانیاریی پێویست، بەو ئامانجەی ببێتە مرۆڤێکی چاکەکار و بەرهەمهێن، (حمد، 2022، 6) بۆ ئەوەی پەروەردە ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، پێویستە گرنگی بە پڕۆگرامەکانی خوێندن بدرێت. کتێبی خوێندنگەیی لە دامەزراوەی پەروەردەیدا گرنگترین سەرچاوەی فێرکردنە، ئامرازی پەروەردەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی زانیاریی زانستی بەشێوەیەکی ڕێکخراو. (محەمەد، 2009، 7)، هەر بۆیە گرنگیدان بە کتێبی خوێندنگە، واتە نرخاندن و بەبایەخەوە ڕوانین بۆ زمانی دایکی فێرخوازان، کەزمانی کوردییە، هەروەها گرنگیدان بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و تایبەتی فێرخواز کە بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتییە، هەرجۆرە لێکۆڵینەوەیەک لەم قۆناغە بکرێت، کاریگەری ڕاستەوخۆ و ئەرێنی دەبێت لەسەر لایەنی زانستی پەروەردەیی فێرخوازان و هاوکارێکی زۆرباشدەبێت بۆ ئەوەی فێرخوازان داتاکانی زمانەکەیان بەشیوەیەکی زانستی کۆبکەنەوە. ئەم توێژینەوە پێویستە بۆ دامودەزگا پەروەردەییەکان لە وەزارەتی پەروەردە، چونکە دەبێتە هەڵسەنگێنەرو دەرخەری ئاستی شیاوی کتێبەکانی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی لە بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتیدا، لە ڕێگەی خستنەڕووی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پڕۆگرامەکەوە. ڕادەی ڕۆڵبینینی مامۆستایان دەردەخات، لە هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامەکانی خوێندندا. پێوەرێکی زانستیی گرنگە بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی و هەموو ئەو توێژەرانەی دەیانەویت لە هەر ڕوویەک لە ڕووەکانەوە کتێبەکانی زمانی کوردی لە هەر قۆناغێک هەڵبسەنگێنن و بایەخی بزانن .

زانینی ئاستی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی، بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەرەتی لەروانگەی مامۆستایان بەشێوەیەکی گشتی. زانینی ئاستی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی، بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەرەتی لەروانگەی مامۆستایان بەپێی گۆراوی ڕەگەز (نێر – مێ) زانینی پێشنیازەکانی مامۆستایان بۆ گەشەپێدانی کتێبەکانی ڕێزمانو خویندنەوەی کوردی لە بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتیداسنوری مرۆیی توێژینەوەکە بریتیە لە ئەو مامۆستایانەی کە بابەتی زمانی کوردی لە بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی دەڵێنەوە، لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە پاریزگای سلێمانیدا. سنووری جوگرافی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی(بەیانیان) لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە. سنووری کات بریتییە لەوەی ساڵی خوێندنی (2024 – 2025)ی زاینی. سنووری بابەت و پڕۆگرامی (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی) بڕیاردراو بۆ وتنەوە بە قوتابییانی پۆلی(چوار و پێنج و شەش)ی بنەڕەتی، لە هەرێمی کوردستاندا.

پێناسەی هەڵسەنگاندن: پێناسەی (الوكيل و المفتی، 2007):"کردارێکە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک پێیهەڵدەستن بۆ زانینی ئاستی سەرکەوتن یان شکست لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکاندا کە پرۆگرام لە خۆی گرتووە، زانینی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیەتی تاکو بەباشترین شێوە بتوانرێت ئامانجە خواستراوەکان بەدیبهێنرێت، سەرەڕای دەستنیشانکردنی ئەوەی لە بەردەستە، چارەسەری کەموکورتییەکانیش دەکات"(الوكيل و المفتی، 2007، 162) پێناسەی پەرتووکی خوێندنگە پێناسەی (العزاوي، 2009)" گرنگترین سەرچاوەی فێرکارییە و گەورەترین بەشی پرۆگرامی بڕیاردراوی خوێندنە و بەرزترین ئاستی ئەزموونی فێرکاریی دەستەبەردەکات، کە مامۆستا پشتیپێدەبەستێت لە ڕێکخستنی فێرکردنەکەیدا، فێرخواز لە فێربوونەکەی و چالاکییەکانیدا بۆ هێنانەکایەی پەسەند لە ڕەفتاری" (العزاوي، 2009، 191) پێناسەی مامۆستا پێناسەی (رسول، 2017):"مامۆستا ئەو کەسەیە کە ئامادەکراوە بۆ وانەگوتنەوە لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا، کە پێویستە زانیاریی و زانستی (لەپسپۆڕی خۆی) ئەوەندە هەبێت، کە بەسەرکەوتوویی پراکتیزەی وانە خوێندن بکات، لەهەمان کاتدا پێویستە شارەزایی دەروونزانی و ڕێگا و شێوازی وانەگوتنەوە بێت." (رسول، 2017، 80- 81) لە بواری پەروەردەدا دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی هەڵسەنگاندن بکەین (کردارێکی ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و شیکردنەوەی، ئەمەش بە مەبەستی دیاریکردنی ئاستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و بڕیاردان لەسەری و دواجار چاککردنی لایەنە لاوازەکانی و گەشەپێدانی لایەنە بەهێزەکانی واتە هەڵسەنگاندن (Evaliuaion) = نرخاندنی + چاکسازی (لایەنی لاواز و گەشەپێدانی باش )) (ڕۆستەم، ٢٠١٦، ٢٨) کەواتە پرۆسەی هەڵسەنگاندن ڕۆڵێکی گرنگ بۆ بڕیاردان لە سەر بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکان و گونجاویی کتێبی قوتابخانەکانو ڕێگای وانەوتنەوە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن....تاد هەیە، بە جۆرێک هەڵسەنگاندن دەورێکی گرنگی بۆ بڕیاردان لە سەر لایەنە لاوازەکانی پرۆسەی فێربوون و گەشەپێدانی لایەنە بە هێزەکانی هەیە. بڕوانە (الاحمد، ٢٠٠٣، ١٩٩). بەم جۆرە دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەدەوام و گشتگیرە و هەموو لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردە دەگرێتەوە، ئامانجی زانینی ئاستەنگ و گرفتەکانە، لە پێناو دانانی چارەسەری گونجاو بۆیان، بە مەبەستی چاککردن و ڕێکخستنی پڕۆسەی فێرکردن کتێبی خوێندن "ئەو سەرچاوە زانستییانەن، کە بۆ پێگەیاندن لە ڕشتە جۆراو جۆرەکاندا ئامادەکراون و هەم لە ڕیزبەندیدان و هەمیش بنەمای پەروەردەییان هەیە. ئەمانەیش لەبەرئەوەی، بە پێی بازنەی قۆناغەکانی خوێندن و قۆناغەکانی دواتریان داڕێژراون. ئەم سەرچاوانە قوتابی بۆ خویندن لە پەیمانگا و زانستگاکان ئامادە دەکەن" (مەحوی ، 2025)، واتە کتێبی خوێندن ئەو کتێبەیە کە بۆ فێرکردن و خوێندنەوەی بابەتێکی دیاریکراو بەکاردێت، لە قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، ئەم جۆرە کتێبانە زانیاریی کەڵەکەبوو، بە ڕێکخراو و قۆناغ بە قۆناغ پێشکەشدەکەن، گونجاوە بۆ تەمەنی قوتابی و ئاستی خوێندن. لە کاتی دانانی کتێبی خوێندندا پێویستە بە شێوەیەکی باشو جۆرێتیی بەرز دابنرێت، چونکە یارمەتیی فێرخواز دەدات لە وەرگرتنی زانیاریی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژیان و چۆنییەتیی مامەڵەکردن لە گەڵیاندا. هاوکات لە ڕووی ناوەرۆکەوە پێویستە بە

پێی پێوانە نێودەوڵەتییەکان ڕێکبخرێت و دابنرێت، گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و جیهانییەکان، لە پێناو ئامادەکردنی نەوەیەکی هۆشیار و ڕۆشنبیر کە بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی زانست و تەکنۆلۆژیادا.بڕوانە (عەلی ،2022، 23). لەم بارەیەوە لە کاتی دانانی کتێبی خوێندنگەدا بۆ بازنەی (یەکەم و دووهەم) کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە پێویستە ڕەچاوبکرێن، وەک تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژیی یەکێکە لە ئەو وشانەی کە لە کتێبی خوێندنگاکاندا بەکاردێت، پێویستە وشەی ڕوونی واتاداربن و دووربن لە وشەو دەستەواژەی ئاڵۆز و ناڕوون.تایبەتمەندیی سینتاکسیی پێویستە لە یاسا سینتاکسییەکان بە باشیی جێبەجێبکرێن، وەک پەیڕەوکردنی ڕێسای (بکەر، بەرکار، کردار) لە داڕشتنی ڕستەکانی زمانی کوردییدا، تاوەکو ببێتە بنەمایەک بۆ خوێندکارو هەر لەسەر ئەو بنەمایە خوێندکار ڕستەکانی زمانەکەی بەرهەمبهێنێت، بەتایبەت لە شێوازی نووسیندا.تایبەتمەندیی دروستنووسین بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندیی و ڕێنوسێکی تەواو دروست، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەیاندنی واتای ڕستەکاندا و هاوکات ڕۆڵێکی کارای هەیە لە بەرزکردنەوەی جۆرێتیی پرۆگرامدا.بڕوانە (حسێن ، 2021 ، 15) چەمکی ڕێزمان، برێتییە لە چۆنێتیی و جۆرێتیی سەرەوڕیزکردنو خستنەتەیەکی وشەکان لەڕستەکاندا و کۆمەڵێک بنەما و ڕێسا کە ئەندازە و پێگەی وشە لە ڕستەدا ڕێکدەخات، واتە ڕێکخستنی وشە لە چوارچێوەی ڕستەدا، لەسەر بنەمای ئەو لۆژیکە، چەمکی ڕێزمانی پێگەیەکی تایبەتی لە وتنەوە و تێگەیشتن لە زماندا هەیە، بەو واتایەی جۆرێکە لە زانیاریی، کە پێویستە قوتابی ئەم چەمکانە لە ئاخاوتن و خوێندنەوە و نووسین و بیستن و درککردندا بەکاربهێنێت. (فرخە، 2025، 47) فێرکردنی ڕێزمان پێویستە سەرنجی لەسەر شێوازی بەکارهێنانی ڕاست و دروستی بابەتە ڕێزمانییەکان بێت، یان فێرکردنی ڕیزمان دەبێت شێوازی بەکارهێنانی ڕستەو مانا و بەکارهێنان لەخۆبگرێت. هاوکات ڕیزمان بنەمایەک بۆ کارامەییەکانی زمان دابیندەکات (گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین...)، لە گویگرتنو قسەکردندا ڕێزمان ڕۆڵێکی گرنگ لە دەربڕینی زمانی قسەکەردا دەگێڕێت، چونکە فێربوونی ڕێزمانی زمانێک بە پێویست دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی توانای بەرهەمهێنانی وتارە پەسەندکراوەکانی ڕێزمانی لە زمانەکەدا. هەروەها لە خویندنەوە و نوسیندا ڕێزمان ڕێگە بە فێرخواز دەدات بیرۆکەکانیان بخەنە ناو ڕستەی واتادارەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەشیوەیەکی سەرکەوتوانە لە فۆڕمێکی نوسراودا پەیوەندی بکەن. یان ڕێزمان ڕێڕەوێک بۆ فێرخوازان دابیندەکات کە چۆن هەندیک وشە کۆبکەنەوە بۆ ڕستەیەکی باش تا بتوانرێت دەربڕینی مانادار و پەیوەندیدار پێکبهێنرێت. بڕوانە (WIDOD, HANDYO, 2006, 122 – 124) خوێندنەوە و پرۆسەی فێرکردنی خوێندنەوە مەبەست لە خوێندنەوە و دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان دەنگەکان و ئەو هێمایانەی کە بۆ دەنگەکان دانراوە، بە جۆرێک هەر کە چاومان بە هێماکان کەوت یەکسەر دەنگەکانمان بیردێتەوە، یان هەر کە گوێمان لە دەنگەکانبوو یەکسەر هێماکان دێتە بەر چاومان. بۆ تێگەیشتن لە خوێندنەوە پێویستە زانیارییەکانی ناو دەق پەیوەستبکرێت بە زانیارییەکانی پێشوەختەی خوێنەر، واتە خوێنەر بە بەستنەوەی زانیاریی ناو دەق بەو زانیارییانەوە کە پێشتر لە یادگەی درێژخایەندا گەنجیکردووە، مانا بنیاد دەنێت و تێگەیشتن دێتە ئاراوە.توێژەران پێنج لێهاتووی پێشنیازدەکەن کە مامۆستایانی خوێندنەوە پێویستە وەک ئامرازێکی خوێندنەوەی بەهێز بەکاریانبهێنن، وەک ناسینەوەی وشە کە زۆر گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی واتاکان و شیکاری پێکهاتەیی. مانای وشە یەکێکی ترە لە لێهاتوویی مانای وشە، توانای بەکارهێنانی فەرهەنگ و ئاماژەکانی کۆنتێکست لەخۆدەگرێت. تێگەیشتن یەکێکی ترە لە لێهاتووی تێگەیشتن بۆ بەرهەمهێنان و بیرکردنەوەکان و بەدەستهێنانی بیرۆکەی سەرەکییە. لێکدانەوە و لێهاتووی لێکدانەوە پێویستی بە مامۆستا هەیە کە بەراوردکاری بکات و پێشبینیی دەرئەنجامەکان بکات، جیاوازی بکات و ئەنجامبدات. هەڵبژاردنی کەرەستە بۆ خوێندنەوە ئەم لێهاتووییە، زۆر گرنگە چونکە دەبێت ئەو بابەتە لەگەڵ تواناو حەزو پێویستیی خوێنەر یەکبگرنەوە. بڕوانە (AL-Timimi, Majeed, 2022, 9-11) چەمکی مامۆستا لە پڕۆسەی پەروەردەدا مامۆستا کەسێکی پیشەیی ڕاهێنراوە، کە بەرپرسیارە لە ئاسانکاریی فێربوون و ڕێنماییکردنی خوێندکاران و هەروەها هاوکارە بۆ زانیاریی و لێهاتوویی بەهاکانی فێرخواز. مامۆستا کەسێکی بە توانا و کارامەیەو پێویستە، بۆ پڕۆسەی فێرکردن ڕۆڵی کاراو گرنگی لە ژینگەی فێرکردندا هەیە، کەشێکی ئارام لە خوێندنگەدا دەستەبەر دەکات، هاوکات ئەزموون و لێهاتویی و زانیاریی هەروەها جۆرەها بیرۆکە و مەعریفە بە فێرخوازان دەدات.(قادر ، 2023 ، 24). لە ڕووی زمانییەوە بە کەسێک دەوترێت مامۆستا کە وانەبێژبێت و ئەرکی فێرکردنی فێرخوازان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە بە کەسێک دەوترێت مامۆستا کە دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان بێت یان دەرچووی کۆلێژی پەروەردە بێت، کە مامۆستایان پێدەگەیەنن ئەرک و پیشەیان وانەوتنەوە و وانە بێژبێت. (جگەر سۆز ، ٢٠١٠، ٢٧) مامۆستا هەڵسوڕێنەرە و ئاراستەکەری پڕۆسەی فێرکردنە، کەواتە پێویستە مامۆستا پێشەنگ بێت خاوەنی چەندین لێهاتوویی نواندن و پێشکەشکردن و پیشەیی و ئاکاری و زانستی بێت، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندنگە و پرۆگرام و فێرخواز و کۆی ژینگەی پەیوەندیداربە پڕۆسەی فێرکردن و پەروەردە کردنەوە، (عەزیز، ٢٠١٤، ٦٤)، هەرچەندە خەسڵەتەکانی مامۆستا و تایبەتمەندییەکانی کامڵو گشتگیربن ئەوەندە فێرخوازان ڕێگەی دروستدەگرن و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگا دروستدەکەن، بۆیە پێویستە کادرانی بواری پەروەردە وێنەی مامۆستا بە جوانترین شێوە دەربخەن، چونکە هیچکەس ناتوانێت چاوپۆشی لە ڕۆڵی گەورەی مامۆستا بکات، لە بنیادنانی مرۆڤ و گەشەپێدان و دروستکردنی شارستانیەتدا، هەر مامۆستایە سەرکەوتن دروستدەکات هەر ئەویشە دەبێتە هۆی سەرنەکەوتن و شکان. (حەسەن، ٢٠٠٩، ١٣٧) ژاپۆنییەکان دەڵێن ((لێهاتوویی هەر دەزگایەکی فێرکاریی بەقەد لێهاتوویی مامۆستاکانییەتی)) ئەم وتەیە گرنگی و سەنگ و قورسایی مامۆستا پیشاندەدات، لە جیهانی ئەمڕۆدا مامۆستای لێهاتوو ئەو مامۆستایەیە، کە بزانێت بۆچی فێردەکات؟ چ کەسێک فێردەکات؟ چۆن فێردەکات؟ لە کویێ فێردەکات؟ بۆ کاری فێرکاری چ کەرەستە و ڕەوشتێک بەکاردەهێنێت؟ ... تاد، (محەمەد


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12309]
- **Submission Date:** [17/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [8/3/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

نیژاد،٢٠١٣، ٦-٧) بەم جۆرە دەگەینە ئەو ڕاستییەیی، کە ئەرکی سەرەکی لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون تێگەیشتن و پێگەیشتنی فێرخوازان و پەروەردەکردنیان بە پەروەردەیەکی ڕاست و ڕەوان لە ئەستۆی مامۆستایە.

**لیستی توێژینەوەکانی پێشوو: The list Previous Studies**

**خشتەی (1) توێژینەوەی یەکەم**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردیی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە | ڕەشید، کازم ئەجەل (2021) |
| ئامانجی توێژینەوە | مەبەست لە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندنی پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردیی پۆلی یانزەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی شیکاری |
| کۆمەڵگای توێژینەوە | لە پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە هەردوو لقی زانستی و وێژەیی پێکهاتووە، بە دیاریکراوی کۆمەڵێک وشە و زاراوە دەگرێتەوە بە مەبەستی ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لە سەربکرێت |
| ئامرازی ئاماری | 1- هاوکێشەی فیشەر (Fisher)<br>2- کێشی سەدییەکەی<br>3-هاوکێشەی چەسپاو (کوبر) |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە | 1- لە پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بنەمایەکی زانستی نییە بۆ هەڵبژاردنی دەقە ئەدەبییەکان.<br>2- لە پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یانزەهەمی ئامادەیی جیاوازی هەیە لە دابەشکردنی پێوەرەکان بۆ دەقی ئەدەبی. |

**خشتەی (2) توێژینەوەی دووهەم**

| | | |
|---|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستان/عێراق | |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوە | محەمەد، زانا عوسمان (2009) | |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی پۆلی (دەیەم و یانزەیەم و دوانزیەم)لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستاندا<br>2- زانینی پێشنیازەکانی مامۆستایان بۆ گەشەپێدانی کتێبی مێژووی قۆناغی ئامادەیی پۆلی (دەیەم و یانزەیەم و دوانزیەم)لە هەرێمی کوردستاندا | |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی | |
| کۆمەڵگای توێژینەوە | کۆمەڵگای مامۆستایان توێژەر داتایەکی وردی دەستنەکەوتووە سەبارەت بە ژمارەی مامۆستایان | کۆمەڵگای سەرپەرشتیاران لە11 سەرپەرشتیار پێکهاتوون 6 سەرپەرشتیار لە هەولێر 5 سەرپەرشتیار لە سلێمانی |
| نمونەی توێژینەوە | نموونەی مامۆستایان و نمونەی سەرپەرشتیاران | |
| ئامرازی توێژینەوە | ئامادەکردنی ئامراز<br>ڕاستی ئامراز<br>نەگۆڕی ئامراز<br>ئەزمونکردنی ئامراز<br>جێبەجێکردنی ئامراز | |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | آ- هاوکێشەی پێرسۆن<br>ب- ناوەندی شیاو | |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | بۆ هەرسێ پۆلی (دەیەم و یانزەیەم و دوانزیەم) مامۆستایان و سەرپەرشتیاران هاوڕان لەسەر کتێبی مێژوو لە ئاستێکی لاوازدایە تەوەری ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە لە هەموو تەوەرەکانیتر لاوازتر بوو<br>3- ڕەگەزی ئامانجەکان، کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی کتێبی خوێندنگەیی بۆ پۆلەکانی دەیەم و یانزەیەمی ئامادەیی نەخراوەتە ڕوو | |

سود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم خاڵانەی خوارەوەدا توێژەران سودیان لە توێژینەوەکانی پێشوو بینیوە بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە. شارەزا بوون لەو سەرچاوانەی پەیوەندییان بە بابەتەکانی توێژینەوەی ئێستاوە هەیە. توێژینەوەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە سودی زۆریان لێوەرگیراوە بە تایبەتی لە چوارچێوەی تیۆریەکەی و ئامرازەکانی و ڕێگاکانی کە پشتیپێبەستووە. سوودوەرگرتن بۆ گونجاندن و ڕێکخستنی بڕگە و باس و بابەتەکانی پێوەری توێژینەوەکە. ناسینی ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو و چۆنیەتیی بەدەستهێنانی ئامانجەکان. ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە بریتییە لەم بەشە کە باس لە هەموو ئەو ڕێکارو هەنگاوانە دەکرێت کە گیراونەتەبەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، کە پێکدێت لە میتۆد و کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە و ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە بەکارهاتوون. میتۆدی توێژینەوەکە ئەوەیە کە میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهێنرا بۆ بە پایان گەیشتنی توێژینەوەکە، چونکە میتۆدی وەسفی شیکاریی، یەکێکە لەمیتۆدە بەکارهێنراوەکان بۆ بابەتە (پەروەردەیی و دەروونییەکان)، کاری سەرەکیی ئەم میتۆدە گەڕانە بەدوای دیاردەیەک یان کێشەیەکی دیاریکراودا (وەسفکردنی دیاردەکە بە وەسفکردنێکی ورد، کە لەوانەیە وەسفکردنەکە بە وشە یان بە ژمارە بێت.وەسفیش بریتییە لە دیاریکردن و تۆمارکردنی تێبینی لەسەر دیاردەکان) (ڕۆستم، 2016، 63) بۆ ئەم مەبەستەش زانیاریی پێویست لەبارەیەوە کۆدەکرێتەوە، پاشان لە پێناو گەیشتن بە زانینی هۆکارەکانی ڕوودانی دیاردەکە زانیارییەکان ڕێکدەخرێن و شیکارییان بۆ دەکرێت. (حمد، 2022، 70) کۆمەڵگای توێژینەوە سەرجەم ئەو مامۆستا (پسپۆڕ و ناپسپۆڕ)انە دەگرێتەوە، کە وانەی ڕێزمان‌و خوێندنەوەی کوردی لە پۆلەکانی (چوار و پێنج و شەش) دەڵێنەوە، لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی سەنتەری شاری سلێمانی، لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا، واتە ئەو مامۆستایانەی کە لە خزمەتدا بەردەوامن بۆ ساڵی خوێندنی (2024 - 2025). لەبەر ئەوەی توێژەران داتایەکی ورد و تایبەتیان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بە ژمارەی مامۆستایانی وانەی کوردی لە بازنەی دووهەم دەستنەکەوت. بەڵکو ژمارەی سەرجەم مامۆستایانی وانەی کوردی لە هەرسێ بازنەی قۆناغی بنەڕەتی دەستکەوت، بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ژمارەیان (2449) مامۆستایە، لەو ژمارەیە (1448) مامۆستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوان، کە (1206) مامۆستا لە ڕەگەزی (مێ) و (242) مامۆستا لە ڕەگەزی (نێر) بوون، هاوکات ژمارەی مامۆستا لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات(1001) مامۆستا بوو. لەو ژمارەیەش (788) مامۆستا لە ڕەگەزی (مێ) و (213) مامۆستا لە ڕەگەزی (نێر) بوون.

**خشتەی ژمارە(3)**

| ژ | کۆمەڵگای توێژینەوە | ژمارەی مامۆستایان | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | |
| 1 | مامۆستایان لە پەروەروەردەی ڕۆژهەڵات | 213 | 788 | 1001 |
| 2 | مامۆستایان لە پەروەروەردەی ڕۆژئاوا | 242 | 1206 | 1448 |
| | کۆی گشتی | 455 | 1994 | 2449 |

**کۆمەڵگای توێژینەوە لە هەر سێ بازنەی قۆناغی بنەڕەتی، پەروەردەی ڕۆژهەڵات و لەهەردوو بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژئاوا، لەناوەندی پارێزگای سلێمانیدا توێژەران بۆ دەستخستنی داتایەکی وردتر سەبارەت بە ژمارەی مامۆستایان، پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە، لەم بارەیەوە بە ناچاری**

کۆی گشتیی ژمارەی مامۆستایانی زمانی کوردی لە هەرسێ بازنەی قۆناغی بنەڕەتییان دابەشی (سێ)کرد. بەجۆرێک (1448÷3=482) بەنزیکەی کۆی گشتی ژمارەی مامۆستایانە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژئاوا بۆ بازنەی دووەمی قۆناغی بنەڕەتی، لەو ژمارەیەش(1206÷3=402) بەنزیکەیی ژمارەی مامۆستایانی وانەی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژئاوا بۆ ڕەگەزی (مێ)، هاوکات (242÷3=80)بەنزیکەیی ژمارەی مامۆستایانی وانەی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژئاوا بۆ ڕەگەزی(نێر). هەروەها (1001÷3=333) بەنزیکەیی کۆی گشتیی ژمارەی مامۆستایانی وانەی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات بۆ بازنەی دووەمی قۆناغی بنەڕەتی، لەو ژمارەیەش (788÷3=262) بەنزیکەیی ژمارەی مامۆستایانی وانەی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات بۆ ڕەگەزی(مێ)، هاوکات (213÷3=71) بەنزیکەیی ژمارەی مامۆستایانی وانەی زمانی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات بۆ ڕگەزی(نێر)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12309]
- **Submission Date:** [17/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [8/3/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

**خشتەی ژمارە(4)**
**کۆمەڵگای توێژینەوەکەیە بەپێی مامۆستایان و ڕەگەز، لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی**

| ژ | کۆمەڵگای توێژینەوە | ژمارەی مامۆستایان | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | |
| 1 | مامۆستایان لە پەروەروەردەی ڕۆژهەڵات | 71 | 262 | 333 |
| 2 | مامۆستایان لە پەروەروەردەی ڕۆژئاوا | 80 | 402 | ٤٨٢ |
| کۆی گشتی | | 151 | 664 | 815 |

نموونەی توێژینەوەکە بەشێک لە مامۆستایان دەگرێتەوە، کە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەوە وەرگیراون و نوێنەرایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی تێکڕای ژمارەی مامۆستایان لە سنوری توێژینەوەکە، توێژەران هەوڵیانداوە زۆرترین ژمارە وەربگرن، بۆ هەمان مەبەست بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نموونەیەکی سەرەتایی و نموونەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەوە هەلبژارد. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەنزیکەیی (815) کەس بوون، توێژەران نموونەیەکی بەشێوازی هەڕەمەکییان وەرگرتووە کە ژمارەیان دەگاتە (307) مامۆستا لە قوتابخانە حکومیەکانی (بەیانیان) کە ڕێژەیان دەگاتە(38٪)ی کۆمەڵگای نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)(307) کەس بوون، لەو ژمارەیە (62) مامۆستا لە ڕەگەزی (نێر)، (245) لە ڕەگەزی (مێ) بوون. ئەمەش سەر بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵات (135)مامۆستا، پەروەردەی ڕۆژئاوا (172) مامۆستا، پێکهاتوون.

**خشتەی ژمارە(5)**
**نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز و پەروەردەکان بۆ مامۆستایان**

| ڕەگەز | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | | |
| نێر | 26 | 19.2 | 36 | 20.9 | 62 | 20.1 |
| مێ | 109 | 80.8 | 136 | 79.1 | 245 | 79.9 |
| کۆ | 135 | 100 | 172 | 100 | 307 | 100 |

شوێنی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاو
توێژینەوەکە بە پێی شوێنی هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەشبوون بەسەر پەروەردەی ڕۆژهەڵات (135) مامۆستاو پەروەردەی ڕۆژئاوا (172) مامۆستا. بڕوانە خشتەی ژمارە (6) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(6)**
**نموونەی توێژینەوەکە بە پێی پەروەردە بۆ مامۆستایان**

| پەروەردە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلیمانی | 135 | 43.9 |
| بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی | 172 | 56.1 |
| کۆ | 307 | 100 |

نموونەی سەرەتایی توێژینەوە**:** توێژەران نموونەیەکی سەرەتاییان بەسەر(40) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ لە قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانیدا دابەشکرد، سود لەم نموونە سەرەتاییە وەرگیراوە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکانی ئامرازی پێوانەکردنەکان لە توێژینەوەکەدا وەک دیاریکردنی جێگیری، ڕاستگۆیوئاستی ڕوونی بڕگەکانو کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە. ئامرازی توێژینەوە بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واپێویست بوو توێژەران بۆپێوانەکردنی (کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی) پێوانەی گونجاو ئامادەبکات، هەروەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە. لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەران بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی (کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی) توێژەران توانییان سوود لە شەش توێژینەوەی پێشوو وەربگرن، کە دوو لە توێژینەوەکان لەزانکۆی سلێمانی ئەنجامدارون، کە بریتیبوون لە توێژینەوەی(محەمەد،2009)(15)بڕگە و توێژینەوەی(مجید، 2023)(17) بڕگەی وەرگرت، هەروەها سودی لە چوار توێژینەوەیتر وەرگرت، کەلەزانکۆی بغداد ئەنجامدراون، کە بریتین لە توێژینەوەی(ڕەشید،2021)(9) بڕگە و توێژینەوەی(تورکی،2021)(14) بڕگە و توێژینەوەی( ئەمین،2022)(11)بڕگە و توێژینەوەی (عەلی،2022)(12) بڕگەی وەرگرت. لە کۆی سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانە، توێژەر توانی (78) بڕگە دابڕێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا.

## 2. ڕاستگۆیی ڕواڵەت Face-Validity

مەبەست لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەکان پشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەربڕن (بۆکانی، 2016، 174)، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەران پەنایان بردە بەر ڕاوبۆچوونی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 6.299 | 674. | 1.64 | 809. | 3.64 | ٥ |
| 6.532 | 809. | 2.36 | 688. | 4.45 | ٦ |
| 7.488 | 786. | 1.73 | 751. | 4.18 | ٧ |
| 9.785 | 405. | 1.18 | 831. | 3.91 | ٨ |
| 8.242 | 405. | 1.18 | 820. | 3.45 | ٩ |
| 10.000 | 467. | 1.27 | 775. | 4.00 | ١٠ |
| 8.714 | 820. | 1.55 | 447. | 4.00 | ١١ |
| 9.778 | 505. | 1.36 | 701. | 3.91 | ١٢ |
| 9.429 | 505. | 1.64 | 701. | 4.09 | ١٣ |
| 14.100 | 467. | 1.73 | 302. | 4.09 | ١٤ |
| 9.561 | 688. | 1.55 | 603. | 4.18 | ١٥ |
| 8.281 | 632. | 2.00 | 603. | 4.18 | ١٦ |
| 4.637 | 1.191 | 2.73 | 522. | 4.55 | ١٧ |
| 4.841 | 786. | 3.27 | 505. | 4.64 | ١٨ |
| 3.525 | 1.265 | 3.00 | 522. | 4.45 | ١٩ |
| 11.175 | 688. | 1.55 | 522. | 4.45 | ٢٠ |
| 5.404 | 701. | 2.09 | 1.206 | 4.36 | ٢١ |
| 4.250 | 1.191 | 2.27 | 1.009 | 4.27 | ٢٢ |
| 10.646 | 674. | 1.36 | 688. | 4.45 | ٢٣ |
| 10.738 | 505. | 1.64 | 603. | 4.18 | ٢٤ |
| 11.816 | 674. | 1.64 | 505. | 4.64 | ٢٥ |
| 9.706 | 674. | 1.64 | 688. | 4.45 | ٢٦ |
| 15.492 | 522. | 1.45 | 467. | 4.73 | ٢٧ |
| 12.021 | 688. | 1.55 | 505. | 4.64 | ٢٨ |
| 11.647 | 539. | 1.91 | 522. | 4.55 | ٢٩ |
| 11.190 | 405. | 2.18 | 505. | 4.36 | ٣٠ |
| 7.547 | 831. | 2.09 | 688. | 4.55 | ٣١ |
| 8.216 | 786. | 1.73 | 603. | 4.18 | ٣٢ |
| 14.364 | 505. | 1.36 | 302. | 3.91 | ٣٣ |
| 6.999 | 751. | 2.18 | 647. | 4.27 | ٣٤ |
| 5.094 | 809. | 1.64 | 1.168 | 3.82 | ٣٥ |
| 6.999 | 467. | 1.73 | 874. | 3.82 | ٣٦ |
| 9.309 | 701. | 1.91 | 467. | 4.27 | ٣٧ |
| 10.000 | 467. | 1.27 | 775. | 4.00 | ٣٨ |
| 10.333 | 674. | 1.36 | 603. | 4.18 | ٣٩ |
| 5.336 | 522. | 1.55 | 1.128 | 3.55 | ٤٠ |
| 5.949 | 1.18322 | 2.0000 | 68755. | 4.4545 | ٤١ |
| 8.032 | 40452. | 2.1818 | 63246. | 4.0000 | ٤٢ |
| 7.634 | 67420. | 1.6364 | 77460. | 4.0000 | ٤٣ |
| 12.279 | 52223. | 1.4545 | 44721. | 4.0000 | ٤٤ |
| 11.867 | 40452. | 1.1818 | 52223. | 3.5455 | ٤٥ |
| 13.064 | 52223. | 1.5455 | 52223. | 4.4545 | ٤٦ |
| 4.613 | 94388. | 1.9091 | 90453. | 3.7273 | ٤٧ |
| 6.197 | 75076. | 1.8182 | 89443. | 4.0000 | ٤٨ |
| 10.912 | 75076. | 1.8182 | 46710. | 4.7273 | ٤٩ |
| 4.922 | 98165. | 2.1818 | 83121. | 4.0909 | ٥٠ |
| 8.151 | 89443. | 2.0000 | 52223. | 4.5455 | ٥١ |
| 2.514 | 1.09545 | 2.0000 | 1.27208 | 3.2727 | ٥٢ |
| 3.265 | 1.04447 | 1.9091 | 1.29334 | 3.5455 | ٥٣ |
| 5.766 | 80904. | 1.3636 | 1.02691 | 3.6364 | ٥٤ |
| 4.030 | 50452. | 1.3636 | 1.56670 | 3.3636 | ٥٥ |
| 8.141 | 87386. | 1.8182 | 40452. | 4.1818 | ٥٦ |
| 7.267 | 94388. | 2.0909 | 52223. | 4.4545 | ٥٧ |
| 5.726 | 70065. | 1.9091 | 78625. | 3.7273 | ٥٨ |
| 9.207 | 78625. | 1.7273 | 40452. | 4.1818 | ٥٩ |
| 10.696 | 40452. | 1.1818 | 77460. | 4.0000 | ٦٠ |
| 11.763 | 64667. | 1.7273 | 50452. | 4.6364 | ٦١ |
| 4.605 | 1.00000 | 2.0000 | 94388. | 3.9091 | ٦٢ |
| 6.094 | 1.18322 | 2.0000 | 50452. | 4.3636 | ٦٣ |
| 9.317 | 70065. | 1.9091 | 40452. | 4.1818 | ٦٤ |
| 14.118 | 50452. | 1.3636 | 52223. | 4.4545 | ٦٥ |

شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست(15) شارەزا و پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونزانی پەروەردەیی و ڕێنمایکاری پەروەردەیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و پەروەردەی تایبەت)، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان یاخود لابردنیان(84%)بوو، بەم شێوەیەلە کۆی(78) بڕگە (12) بڕگە لابران، کە بریتیی بوون لە بڕگەکانی (2، 3، 7، لە ئامانجەفێرکارییەکان و 3، 4، 11، لە چالاکییەکان و 1، 4، 5، لە پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و 3، 9، 10، لە ناوەڕۆکی کتێبەکان)، بڕگەکانی دیکە وەك خۆیان مانەوە بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (٦٦)بڕگە. هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی: بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆییو جێگیریو توانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوانەکە، توێژەران شیکاری ئامارییان بۆ سەرجەم برگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی وەک هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوانەکە ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت، ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆی پێوانەکە دەدات(عبدالرحمن ،2007، 192) . توێژەران هاوکۆلکەی جیاکارییان بۆ برگەکانی پێوانەی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە: ڕیزبەندیکردنی ئەو نمرانە کە تاکەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

1. **دابەشکردنی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ**، گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (27%) ، کە ژمارەیان(11) مامۆستا بوو، و گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (27%) ، کە ژمارەیان (11) مامۆستا بوو، دورخستنەوەی ئەو گروپەی کە ناوەندبوون.
2. **بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (T-test for two Independent samples )** بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)بۆ هەر برگەیەك،لە ئەنجامدا دەرکەوت کە سەرجەم برگەکانی پێوانەی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی توانای جیاکاریان هەیە. وەك لە خشتەی ژمارە (6) خڕاوەتەروو.

**هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی**

| نرخی تائی هەژمارکراو | گرووپی نمرە نزمەکان | | گرووپی نمرە بەرزەکان | | ژمارەی برگە |
|---|---|---|---|---|---|
| | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | |
| 5.034 | 0.751 | 1.82 | 1.009 | 3.73 | ١ |
| 2.782 | 000. | 1.00 | 1.300 | 2.09 | ٢ |
| 8.951 | 674. | 1.36 | 505. | 3.64 | ٣ |
| 8.222 | 701. | 1.91 | 647. | 4.27 | ٤ |


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12309]
- **Submission Date:** [17/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [8/3/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٦ | 4.8182 | 40452. | 1.8182 | 60302. | 13.703 |

**3.** پەیوەندیی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشتیی پێوانەی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی، دواتر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (person) لەنێوان بڕگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتیی پێوانەکەی دۆزییەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم هاوکۆلکەکانی برگەکان بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، وەك لە خشتەی ژمارە (8) دیارە

**خشتەی ژمارە(8)**
**هاوکۆلکەی پەیوەندیی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی گشتیی نمرەکان**

| ژ.برگە | بەهای پەیوەندیی پێرسۆن بەکۆی گشتیی پێوانەکە | ژ.برگە | بەهای پەیوەندیی پێرسۆن بەکۆی گشتیی پێوانەکە |
|---|---|---|---|
| ١ | 628*. | ٣٤ | 520*. |
| ٢ | 508*. | ٣٥ | 580**. |
| ٣ | 687**. | ٣٦ | 484*. |
| ٤ | 621**. | ٣٧ | 583**. |
| ٥ | 528*. | ٣٨ | 672**. |
| ٦ | 535*. | ٣٩ | 600**. |
| ٧ | 567**. | ٤٠ | 484*. |
| ٨ | 658**. | ٤١ | 699**. |
| ٩ | 787**. | ٤٢ | 495*. |
| ١٠ | 767**. | ٤٣ | 522*. |
| ١١ | 693**. | ٤٤ | 753**. |
| ١٢ | 615**. | ٤٥ | 728**. |
| ١٣ | 611**. | ٤٦ | 787**. |
| ١٤ | 762**. | ٤٧ | 734**. |
| ١٥ | 644**. | ٤٨ | 702**. |
| ١٦ | 501*. | ٤٩ | 665**. |
| ١٧ | 710**. | ٥٠ | 681**. |
| ١٨ | 605**. | ٥١ | 597**. |
| ١٩ | 413*. | ٥٢ | 636**. |
| ٢٠ | 727**. | ٥٣ | 632**. |
| ٢١ | 848**. | ٥٤ | 483*. |
| ٢٢ | 450*. | ٥٥ | 591**. |
| ٢٣ | 627**. | ٥٦ | 502*. |
| ٢٤ | 660**. | ٥٧ | 574**. |
| ٢٥ | 681**. | ٥٨ | 836**. |
| ٢٦ | 625**. | ٥٩ | 646**. |
| ٢٧ | 720**. | ٦٠ | 652**. |
| ٢٨ | 614**. | ٦١ | 707**. |
| ٢٩ | 684**. | ٦٢ | 449*. |
| ٣٠ | 708**. | ٦٣ | 556**. |
| ٣١ | 689**. | ٦٤ | 600**. |
| ٣٢ | 580**. | ٦٥ | 693**. |
| ٣٣ | 699**. | ٦٦ | 758**. |

## 3. **جێگیریی** Reliability:

مەبەست لە جێگیری فۆڕم ڕادەی جێگیریی نمرەکانی هەر تاکێکە لە ناو گروپێکی دیاریکراودا لە دووبارە تاقیکردنەوەییدا لە دوو ماوەی جیاوازدا، بە هەمان فۆڕمی ڕاوەرگرتن. توێژەران بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە چەند ڕێگایەکیان بەکارهێناوە وەک ڕێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە دوو جار بەسەرهەمان نموونەدا جێبەجێدەکرێتەوە، بەمەرجێك ماوەی نێوانیان لە(14) ڕۆژ کەمتر نەبێت ،دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستماندەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشاندەدات، جێگیریی پێوانەکە بەشێوازی(Test-retest)ئاشکرا کرا، بۆ جاری یەکەم لەڕێکەوتی(9/ 3/ 2025) پێوانەکە بەسەر(40) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە کە پێکهاتبوون لەڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٧)ڕۆژ لەڕێکەوتی(26/ 3/ 2025)دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person)دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتیە لە(**0.846)ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە، هەروەك لە خشتەی(9)ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە(9)**
**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری**

| جێ بەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 209.67 | 3.85 | 846**. |
| دووەم | 208.97 | 4.10 | |

## 3. **ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ:**

توێژەران جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دیاریکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(40) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دەرکەوت، ڕێژەی جێگیریی پێوانەکە بریتیە لە( **0.873) ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

تایبەتمەندیی پێوانەی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی توێژەران دوای ئەوەی ڕاستگۆی و جێگیرییان بۆ پێوانەی(کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی) دیاریکرد، پێوانەکە بەشێوەی کۆتای(66)بڕگەی مایەوە، بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای مامۆستایانی بازنەی دووهەم، کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (2) هەفتەبوو، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژرابوو واتە(5)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە، کە بریتین لە(نەخێر، بەڕادەیەکی کەم، ناوەند، بەڕادەیەکی زۆر، بەڕادەیەکی زۆر

زۆر) ، بەهای بژاردەکان بریتییە لە(1، 2، 3، 4، 5)هەمان ڕیزبەندی بەرامبەر بڕگەکان، بۆ بڕگە نەرێنیەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە. جێبەجێکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتای دوای دڵنیابوونی توێژەران لە راستی و جێگیری ئامرازەکەیان هەستان بە دابەشکردنی راپرسەکە بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی، کە پێک هاتبوون لە (307) مامۆستا لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە پەروەردەکانی سلێمانی بۆ پێوەری کتێبی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی، لەبەرواری (13/ 4/ 2025) بەشێوەی دەستیو ئەلکترونی،کە پێکهات لە(66) بڕگە، دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەرانەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوایان لە مامۆستایان کرد بە وردی و ڕوونی وەڵامی گشت بڕگەکان بدەنەوە، دواتر سەرجەم فۆرمی راپرسیەکان کۆکرانەوە، ئەنجامدانەکە لەبەرواری (24/ 4/ 2025)کۆتاییپێهات.

**هاوکێشە ئامارییەکان**

1- تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$\mathrm{T.test} = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

2- تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)

$$\mathrm{T.test} = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

3- هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^-)^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

4- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن ( Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right] * \left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]}}$$

5- ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach’s)

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\, S_i^2}{S_t^2}\right)$$

(محمد، 2022، 107)

خستنەڕووی ئەنجامەکانو شیکردنەویان ئەم بەشە تایبەتە بەشیکردنەوەی داتاکانو خستنەڕووی ئەنجامەکان بە پێی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاریکراوە. زانینی ئاستی کتێبی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەرەتی لەروانگەی مامۆستایان بەشێوەیەکی گشتی دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)و ئامڕازی ئاماری(One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، لەئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بریتیەلە(196.6201)نزمترە لە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، کەبریتی بوو لە(198) بەلادانی پێوەری(38.15093)،هەروەها دەرکەوت، کەبەهای (t)بریتییە لە(-0.635) لەئاستی بەڵگەداری(0.05)،هەروەك لەخشتەی(10) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت و ناوەندی ژمێرەیی بچوکترە لەناوەندی گریمانەیی. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کتێبی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی بازنەی دووەمی قۆناغی بنەرەتی لەروانگەی مامۆستایان لەئاستێکی نزمدایە.

**خشتەی ژمارە (10)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە )**
**بۆ نمرەکانی مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 307 | 196.62 | 38.1509 | 198 | 307 | 0.635 | 1.65 | بەڵگەدارنی یە |

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/)**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12309]
- **Submission Date:** [17/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [8/3/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

وەک لە خشتەی ژمارە(10) دا دەردەکەوێت، کە بەهای(t) هەژمارکراو (-0.635) بچوکترە لە بەهای (1.65) خشتەیی، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئاستی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی لە بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایان (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی نزمدایە، توێژەران هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستایانی بابەتی زمانی کوردی، چەند بابەتێک لە کتێبەکانی بازنەی دووهەم بە لاواز دەزانن،لە گرنگترینیان پێشەکی کتێبەکان، مامۆستایان پێیان وایە پێشەکی کتێبەکان ڕێنمایی تایبەت بە مامۆستایانو فێرخوازان لە خۆنەگرتووە، هەروەها بەشێوەیەکی بەرچاو نەیانتوانیوە حەزوخولیای خوێندکار بۆ فێربوون بجوڵێنن. پاشان لە ڕووی ئامانجە فێرکارییەکانەوە، مامۆستایان سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە بەگونجاو نازانن، هاوکات لەڕووی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە پێیان وایە لە کتێبەکاندا هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەی تێدانییە. هەروەها ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران ناکات، جگەلەوەش، لەڕووی زمانی بابەت و شێوازی خستنەڕووی کتێبەکانەوە پێیان وایە، زمانی کتێبەکان هەڵەی ڕێنووسی تێدایەو زانیارییەکان چڕ وپڕ نین.

1. **زانینی ئاستی کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ)**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەران ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەرییان بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لەکتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای(t)ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (2.605) بەنمرەی ئازاد (٣٠٦) و بەهای خشتەیی (1.96) و لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، کەواتە بەهای هەژمارکراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کەلەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ دایە وەک لەخشتەی ژمارە(11) خراوەتەڕوو. توێژەران پێیان وایە هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەگەزی مێ زیاتر تەرکیزیان لەسەرکتێبەکانی خوێندن هەیە و هەرکێشەو گرفتێک یان باشی و بەهێزییەک لە پرۆگرامەکاندا هەبێت، زووتر هەستی پێدەکەن. ئەم ئەنجامەش یەکسان نییە بە توێژینەوەکەی(مجید،2023)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایان**

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مێ | 244 | 199.4653 | 38.07084 | 306 | 2.605 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| نێر | 63 | 185.5556 | 36.69613 | | | | |

2. **زانینی پێشنیازی مامۆستایان بۆ کتێبەکانی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی:**

1. کتێبی مامۆستا دابنرێت، بەمەبەستی ڕێنمایی مامۆستایان بۆ وانەوتنەوە.
2. کەمکردنەوەی ژمارەی ڕاهێنان و چالاکییەکان بە شێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ کاتی وانەکان هاوکات زیادکردنی ئەو چالاکی ڕاهێنانانەی کە لەدەرەوەی پۆل ئەنجامدەدرێت.
3. لە پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم کتێبەکان دوو وەرزن و بە دوو کتێبی جیاواز، بکرێت بە یەک کتێب.
4. لابردنی ئەو بڕگەو بابەتانەی کە بەشیوازی کرمانجی ژووروو(بادینی) نوسراون.
5. هەندێک لە وێنەکان ڕوون نییە، جۆرییەتیەکەی باش نییە، دەکرێت دیزاین و ڕەنگی باشتر بەکاربهێنرێت و گوزارشت لە سروشتی کوردستان بکات.
6. بابەتەکانی ڕێزمان لە(پیتەوە بۆ ڕستە) بێت نەک بە پێچەوانەوە.

لەکاتی دانانی کتێبەکاندا ڕەچاوی کاتەکانی ساڵنامەی خوێندن بکرێت.

## 4. دەرئەنجامەکان:

1. بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، دەرکەوت کە کتێبەکانی بازنەی دووهەمی قۆناغی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە لە ئاستێکی نزمدایە.
2. لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ، کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ) دایە.
3. مامۆستایان کۆمەڵێک پێشنیازیان سەبارەت پێشخستنی کتێبەکانی بازنەی دووهەم خستوەتەڕوو.

## 5. ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەران چەند ڕاسپاردەیەک دەخەنەڕوو.

1. هەر پێنج ساڵ جارێک هەڵسەنگاندن بۆ سەرجەم بواری پڕۆگرامەکانی پەروەردە و بەتایبەت زمانی کوردی بکرێت، بۆ ئەوەی پڕۆگرامەکان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا گۆڕانیان بەسەردا بێت و لە هەڵە و پەڵە و کەموکورتییەکان پاکبکرێنەوە.
2. لە ڕێکخستنی ناوەڕۆکی کتێبەکاندا ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی فێرخوازان بکرێت، هاوکات بنەمای هاندان بۆ فێربوونی خودیی تێدا بەرجەستەبکرێت.
3. ڕەچاوی حەز و ئارەزووی خوێندکار لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا بکرێت.

## 6. پێشنیازەکان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک هاوشێوەی ئەو تویژینەوەیە، لە ڕوانگەی فێرخوازان و دایکوباوکانەوە.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕشتەکانی تری خوێندن.

## 7. سەرچاوەکان:

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**


ئەمین، ئەمەل عەبدولجەبار، (2022). هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی نوێی خوێندکارانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەیی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بغداد.

بۆکانی، سابیر بکر، (2016). میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپو بڵاوکراوەی چوارچرا، چاپی یەکەم سلێمانی.

تورکی، ئەسعەد موهەنەد، (2021). هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەرەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتوکی فێرگەیی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەیی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بغداد.

جگەر سۆز، محمد صالّح پێندرۆیی، (2010). مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

حسێن، شیلان عومەر، (2021). زانستی زمانی کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.

حمد، هێژا عبداللە، (2022). هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی (12)ی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنی بلۆم لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.


حمد، هێژا عبداللە، (2022). هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بابەتی مێژوو بۆ پۆلی (12)ی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنی بلۆم لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.


رسول، رسول ابراهیم، (2017). پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین- هەولێر.

ڕۆستم، مریم محمد، (2016). هەڵسەنگاندنی کار ئەنجامدنی کارامەییەکانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەوەردەی بنەرەت، زانکۆی سلێمانی.

ڕەشید، کازم ئەجەل، (2021). هەڵسەنگاندنی پەرتوکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بە پێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەیی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بغداد.

عەزیز، کەریم ئەحمەد، (2014). بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

عەلی، نەغم مەناتی، (2022). هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنای ئامانجە فێرکارییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بغداد.

عەلی، نەغم مەناتی، (2022). هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنای ئامانجە فێرکارییەکان،



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12309]
- **Submission Date:** [17/2/2026], **Revised Date:** [19/2/2026], **Accepted Date:** [8/3/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بغداد.

فرخە، کارزان عمر، (2025). کاریگەری ستراتیژێکی پێشنیازکراو لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاراستەیان دەربارەی بابەتەکە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین، (2023). مامۆستاکارامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە.

مجید، اسو سلام، (2023). دیدی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ سەبارەت بە کتێبەکانی جوگرافیای قۆناغی ئامادەیی لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

محمد، سەرکەوت جمال، (2022). ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاریو پەیوەندیکردنو پەیوەندی بە پاڵنەری فێربوونو زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی(B) زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارەی (71).

محەمەد نێژاد، عەلی ڕەزا و مستەفا زادە، ئیسماعیل و ئاوەری، سولەیمان، (2013). فێرکاری زمانی کوردی بە بیانی (ئولگویەک بۆ چۆنیەتی)، پەروەردە و فێرکردن، گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (9)ل ل35.

محەمەد، زانا عوسمان، (2009). هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستان/عێراق، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

و:حەسەن، خالد حەمەمەد، (2009). خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مامۆستا، پەروەردە و فێرکردن، گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات، ژمارە(4) ل ل137.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

الاحمد، ردينه عثمان، (2003). طرائق التدريس منهج، اسلوب وسيلة، ط2، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

عبدالرحمن، انور حسين و عدنان، حقى شهاب، (2007). لانماطا لمنهجية و تطبيقاتها فى العلوم لانسانية و التطبقية، شركه الوفاق، ط1، بغداد.

العزاوي، يونس رحيم كرو، (2009). المناهج وطريق التدريس، دار دجلة للنشر والتوزيع، بغداد.

الوكيل، حلمي احمد و المفتي، محمد آمين، (2007). أسس بناء المناهج و تنظيماتها، ط2، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

Timimi and Majeed, Waleed Khaled and Wessam Abdul, (2022). Teaching Reding in EFL Class, College of Education for Humanities/Universty of Diyla.

- WIDODO, HANDOYO, (2006). English Teaching: Practice and Critiaue, Volume 5, Number 1.

**چاوپێکەوتن**

مەحویی، محەمەد مەحویی، (2025). چاوپێکەوتن، سلێمانی ماڵی د.مەحویی، 2025/9/9.


## Abstract


This study, entitled “Evaluating the Kurdish Grammar and Reading Textbooks from Teachers’ Perspectives: The Second Cycle of Primary Education as a Case Study”, aims to assess the Kurdish grammar and reading textbooks used in the upper primary primary education from teachers’ viewpoints. It also seeks to identify teachers’ suggestions for improving these textbooks. To achieve these aims, a descriptive–analytical research design was employed. The study population comprised all teachers in the centres of Sulaymaniyah Governorate across both the Eastern and Western Education Directorates for the academic year 2024–2025, totalling 815 teachers. The sample consisted of 307 teachers of both genders, selected randomly. The research instrument was a questionnaire including 66 items distributed across eight domains, developed based on relevant literature and previous studies. Data were analysed using the one-sample t-test, independent-samples t-test, ANOVA, Pearson’s correlation coefficient, and Cronbach’s alpha.

The study reached the following main conclusions:

1. Overall, the results indicate that, according to the teachers, the upper primary textbooks are at a poor level.
2. From the teachers' perspective, statistically significant differences were found between male and female students' average scores, in favor of female students.
3. Finally, teachers proposed many suggestions for improving the textbooks of the second cycle of primary education.
Keywords: Evaluation, Textbook, Teacher. Reading, Grammar

## ملخص البحث:

هذه الدراسة المعنونة بـــ؛ «تقويم كتب قواعد اللغة الكردية وكتب القراءة الكردية من وجهة نظر المعلمين الدارسين للمادة: (الدائرة الثانية من مرحلة التعليم الاساسي) مع عرض و تقويم كتب قواعد اللغة الكردية وكتب القراءة الكردية المستخدمة في المرحلة الاساسية من وجهة نظر المعلمين. كما تسعى إلى تحديد مقترحات المعلمين لتحسين هذه الكتب. ولتحقيق هذه الأهداف، تم اعتماد البحث الوصفي–التحليلي.
اشتملت الدراسة جميع المعلمين في مركز محافظة السليمانية ضمن مديريتَي التربية الشرقية والغربية للعام الدراسي 2024–2025، والبالغ عددهم (815) معلمًا ومعلمة. وتكوّنت عينة الدراسة من (307) معلمًا ومعلمة من كلا الجنسين، وتم اختيارهم عشوائيًا. وتمثلت أداة البحث في استبانة تضم (66) فقرة موزعة على ثمانية مجالات، أُعدّت استنادًا إلى الأدبيات ذات الصلة والدراسات السابقة. وقد تم تحليل البيانات باستخدام اختبار (T.test) لعينة واحدة، واختبار (T.test) لعينتين مستقلتين، وتحليل التباين الأحادي (ANOVA)، ومعامل ارتباط بيرسون، ومعامل الثبات كرونباخ ألفا.
وتوصلت الدراسة إلى النتائج الرئيسة الآتية:
١. تشير النتائج بصورة عامة إلى أن كتب الدائرة االاساسية جاءت بمستوى ضعيف، من خلال نظر المدرسين.
٢. وفقًا لآراء المعلمين وُجدت فروق ذات دلالة إحصائية بين متوسطات درجات الذكور والإناث.. لصالح الإناث!
٣. في النهاية ، قدّم المعلمون العديد من المقترحات لتحسين كتب الدورة الثانية من التعليم الاساسي.
الكلمات المفتاحية: التقويم، الكتاب المدرسي، المعلم، القراءة، القواعد.